# چی دەکەیت ئەگەر تووشی بریکاری کۆچبەری بوویت لە ناوچەی سان دیگۆ

1. **لە هەموو کاتێکدا، مافی ئەوەت هەیە بێدەنگ بیت و قسەنەکەیت (واتا دەتوانی وەلام نەدەیەوە):** ئارام بە و لەسەرخۆ بە. ئەگەر هاتوو بریکارەکان پرسیاریان لێ کردیت، دەتوانیت بڵێیت "من مافی بێدەنگبوونم بەکاردەهێنم." هەرگیز درۆ مەکە و بەڵگەنامەی ساختە و ناڕاست پێشکەش مەکە.


2. **کێن ئەوانەی کە دەبێت بەڵگەنامەی کۆچبەری خۆیان پیشان بدەن:**


- هاووڵاتیانی ئەمریکی پێویست ناکات بەڵگەی هاووڵاتیبوونیان لە ناوخۆی وڵاتدا هەڵبگرن.
- ئەگەر بەڵگەنامەی کۆچبەری کارا و بەسەرنەچووت هەیە (وەک ڤیزە یان گرین-کارت) و تەمەنت لە ١٨ ساڵ زیاترە، یاسای فیدراڵی داوات لێدەکات ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆتدا هەڵبگریت و پیشانیان بدەیت ئەگەر لەلایەن بریکارەکانی کۆچبەریەوە داوات لێبکرێت.
- ئەگەر پێویست نەبوو بەڵگەنامەکانت پیشان بدەیت یان پێشتر نیشانت دابوو و هێشتا دەستبەسەربوویت، بپرسە "ئایا من دەستبەسەرم؟" ئەگەر وابوو، بپرسە بۆچی؟ ئەگەر نا، ئەوا بپرسە: "ئایا من ئازادم بڕۆم؟" ئەگەر بەڵێ، ئەوا بڕۆ. دووبارەی بکەرەوە تا ئازاد دەبیت بۆ ڕۆشتن.

3. **ئەگەر بە پێ دەڕۆیت، یان لەناو ئۆتۆمبێل، پاس، بەلەم، شەمەندەفەر، ترۆلی، یان بە فڕۆکە دەڕۆیت:**

لە مەودای 100 میل لە ناوەوەی سنوورە وشکانی و دەریاییەکان (هەموو سان دیگۆ و زۆربەی کالیفۆڕنیا)، بریکارەکانی کۆچبەری دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە تۆ بوەستێنن. ئارام بگرە و تەنها لەکاتی پێویستدا بەڵگەنامەکان پیشان بدە (بڕوانە سەرەوە). لەوانەیە بریکارەکان داوای پشکنین و گەڕانت بکەن، بەڵام دەبێت فەرمانی دەستگیرکردن یاخوود ڕەزامەندی تۆیان هەبێت. بپرسە "ئایا فەرمانی دەستگیرکردنت هەیە؟ من ڕەزامەند نیم." ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی تۆ پشکنینان ئەنجامدا، تداخل و دەستوەردان مەکە - ڕەنگە ئەمە شتەکان خراپتر بکات. سەیرکە و بزانە بریکارەکان چۆنن، هەوڵدە بیان ناسیتەوە، تاکو دواتر ڕێوشوێنی پێویست بگریتەبەر.

4. **ئەگەر بریکارێک هاتە ماڵەکەت:** لە مەودای 25 میل لە ناوەوەی سنووری وشکانی و دەریاییەوە (سەرتاسەری سان دیێگۆ)، بریکارەکانی کۆچبەری دەسەڵاتی چوونە ژوورەوەیان هەیە بۆ ناو موڵکە تایبەتەکەت (ڕێگای شۆفێری، حەوشە، حەدیقە)، بەڵام ناتوانن بەبێ فەرمانی دادوەری بچنە ناو ماڵەکەت. دەرگاکە مەکەرەوە. سەرەتا بپرسە ئایا فەرمانی دادوەرییان هەیە لە دادگایەک کە لەلایەن دادوەر واژۆی لەسەر کرابێت. ئەگەر گوتیان بەڵێ، داوایان لێ بکە کە فەرمانی دادوەریی لە ژێر دەرگاکە یان لە پەنجەرەیەکەوە پیشانت بدەن. فەرمانی دادوەری تەواو و ڕاستەقینە دەبێت ئەم وردەکاریانە لەخۆبگرێت:




- لە سەرەوە نوسرابێت "Court" نەوەک "Department of Homeland Security"
- واژۆی دادوەرێکی لەسەر بێت نەک بەرپرسێکی کۆچبەری .
- دەبێت ناونیشانی خۆتی لەسەر نوسرابێت نەک دراوسێکانت یاخوود بە بەتاڵی مابێتەوە.
- بریکارەکان تەنها دەتوانن بەدوای ئەو کەسانە یان ئەو شتانەدا بگەڕێن کە لە فەرمانی دەستگیرکردنەکەدا باسکراوە، مەگەر هۆکاری شیاوتریان هەبێت بۆ درێژکردنەوەی پشکنین و گەڕانەکە.

5. **ئەگەر بریکارێک هاتە شوێنی کارەکەت، قوتابخانەکەت، یان شوێنێکی دیکە:**

لە ناوچەی سنووریدا، بریکارەکانی کۆچبەری لە سەرانسەری کۆمەڵگادا دەبینرێن و دەتوانن بچنە ناو شوێنی گشتی (چێشتخانە، شوێنی پێشوازی، هەر شوێنێک کە خەڵک بتوانن بچن). بەڵام ناتوانن بچنە ناو شوێنە تایبەتەکانەوە کە خەڵک ناتوانن بچن (باک ئۆفیس، پۆل، یان هەر ژوورێکی تایبەت) بەبێ فەرمانی دادوەری یان ڕەزامەندی. تەنها دەتوانن بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێن بەو ناونیشانەی کە لەسەر فەرمانی دەستگیرکردنەکە دانراوە. ئامادەکارییەك بکە بۆ ئەوەی لە کەسێکی دیاریکراو بپرسێت "ئایا فەرمانی دەستگیرکردنت هەیە؟ من ڕازی نیم پشکنین و گەڕان ئەنجام بدرێت." لەسەر هەموو شوێنە تایبەت و ناگشتیەکان تابلۆیەک هەڵواسە کە لەسەری نووسرابێت PRIVATE.

Sworn Translator مترجم محلف
أرسلان صادق صابر
Arsalan Sadiq Sabir

6. **ئەگەر دەستگیرکرایت:** مافی ئەوەت هەیە پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام بدەیت و لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە بکەیت یاخوود لەگەڵ کەسێک لە کونسوڵخانەکەتەوە قسە بکەیت. هەروەها، مافی خۆتە بێدەنگ بیت و قسە نەکەیت. هیچ شتێک واژۆ مەکە کە تێی نەگەیت. ژمارەی"A" ت پێدەدرێت ئەگەر پێشتر ژمارەت نەبووە. دڵنیابە کە لە خێزانەکەت و پارێزەرەکەت و کونسوڵخانەکەت بپرسی و بڵێی ئەوە چییە، بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتیت بدەن. ئەگەر حاڵەتێکی پزیشکی و تەندروستیت هەبوو، هەموو ئەو کەسانە ئاگاداربکەوە کە بەرکەوتنت لەگەڵیاندا دەبێت دوای دەستگیرکردنت.

7. **چۆن کەسێکی دەستگیرکراو بدۆزینەوە و یارمەتی بدەین:**

- دۆزینەوەی شوێنی کەسێک کە لەلایەن بریکارەکانی کۆچبەریەوە دەستبەسەر کراوە لەرێگەی ماڵپەڕی locate.ice.org. یارمەتیدەر دەبێت بۆ زانینی ژمارەی'A' ی ئەو کەسەی دەستگیرکراوە. لەوانەیە چەند ڕۆژێک بخایەنێت تا کەسێک لە ماڵپەڕەکەدا دەربکەوێت، بەتایبەتی لە کۆتایی هەفتەدا.
- ئەگەر دۆسیەیەکی دادگای کۆچبەری کراوە هەبێت، دەتوانیت زانیاری دەربارەی دۆخی کەیسەکە بەدەستبهێنیت بە بەکارهێنانی ژمارەی 'A' بە پەیوەندیکردن بە: 7180-898-800 یان سەردانی ماڵپەڕی acis.eoir.justice.gov. بکەیت.
- بۆ بەرگریکردن لە دیپۆرتکردنەوەت، پەیوەندی بکە بە پرۆگرامی بەرگری یاسایی کۆچبەرانی پارێزگای سان دییگۆ (619-446-2883) یان پێشکەشکارێکی خزمەتگوزاری یاسایی متمانەپێکراو. https://cdss.ca.gov/inforesources/immigration/contractor-contact-information
- کونسوڵخانەی مەکسیک: 520-623-7874، https://www.gob.mx/ciam . کونسوڵخانەکانی دیکە : bit.ly/embassycontacts

8. **ئەگەر کەمتر لە دوو ساڵ لێرە بوویت:** ئەو کەسانەی کە بێ بەڵگەنامەن و کەمتر لە دوو ساڵە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان دەژین، دەکرێت دیپۆرت بکرێتەوە بەبێ ئەوەی پەنا ببەن بۆ دادوەر، مەگەر ڕابگەیەنن کە دەترسن بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان و دەربچن لە چاوپێکەوتنێکی ترسی باوەڕپێکراو. لە ناوچەی سنووری، دەکرێت دیپۆرتکردنەوە بە خێرایی ڕووبدات، لە ماوەی ڕۆژێکدا. ئەگەر تۆ زیاتر لە دوو ساڵ لێرەیت، گرنگە و پێویستە بەڵگەی وەک مۆڵەتی CA یان ناسنامە هەڵبگریت کە بەرواری دەرچوونەکەی لە دوو ساڵ کۆنتر بێت.

9. **ئەگەر تۆ بوویتە شایەتحاڵی کارێکی جێبەجێکردنی یاسایی:** مافی ئەوەت هەیە تۆماری بکەیت. بریکارەکان ناتوانن بەبێ ڕەزامەندیت تۆ بپشکنن، ناتوانن پشکنن بۆ تەلەفۆن یان کەلوپەلەکانت ئەنجام بدەن بەبێ فەرمانی دادوەری یان هۆکاری شیاو. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە ڕەتی بکەیتەوە گەڕان و پشکنینت بۆ بکرێت: بڵێ "من ڕەزامەندیم لەسەر پشکنین و گەڕان نییە." ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی تۆ پشکنینان ئەنجامدا، تداخل و دەستوەردان مەکە - ڕەنگە ئەمە شتەکان خراپتر بکات. سەیرکە و بزانە بریکارەکان چۆنن، هەوڵدە بیان ناسیتەوە، تاکو دواتر ڕێوشوێنی پێویست بگریتەبەر بەرامبەر ئەو پشکنینە نایاساییە. تۆمارەکانت بڵاوبکەرەوە تاکو قسەبکەیت لەسەر ئەوەی کە چی ڕوودەدات. تداخل و دەستوەردان مەکە لە دەستگیرکردنەکەدا - ڕەنگە ئەمە شتەکان خراپتر بکات بۆ کەسی دەستگیرکراو یان ببێتە هۆی دەستگیرکردنی خودی خۆت و تۆمەتی فیدراڵی لە دژی تۆ. هەروەها سەرنج و سەرچاوەکان لەو کەسانە دوور دەخاتەوە کە پێویستیان پێیەتی. باشترین کار کە تۆ بیکەیت بریتیە لە پەیڕەوکردنی ئارامی و ناتوندوتیژی و تۆمارکردنی ئەوەی ڕوودەدات و دواتر شەیرکردنی بۆ ئاگادارکردنەوەی کەسانی دیکە..

10. **ئێستا پلانی فریاگوزاری دابنێ:** چاوەڕێ مەکە بۆ دانانی پلان. ئێستا خۆت بۆ هەر حاڵەتێکی لەناکاو ئامادە بکە:

- هەموو بەڵگەنامە گرنگەکانت پێکەوە دابنێ، وەک بەڵگەنامەی لەدایکبوون، پاسپۆرت و بەڵگەنامەکانی دیکەی ناسنامە، و دڵنیابە لەوەی خێزانەکەت و پەیوەندییە فریاگوزاریەکانت (کەسانی نزیکت) دەزانن لە کوێن.( واتا شوێنی خۆیان بزانن)
- کەسێک دەستنیشان بکە کە بتوانێت چاودێری منداڵەکانت، بەساڵاچووان یان کەسە خۆشەویستەکانت بکات کە خاوەن پێداویستی تایبەتن لەکاتی ئامادەنەبوونت و بەڵگەنامەی سوێندخواردنی ڕێگەپێدانی چاودێر ئامادە بکە https://www4.courts.ca.gov/documents/caregiver.pdf
- دانانی پاسوێرد لەسەر مۆبایلەکەت و ئامێرەکانی دیکە و ڕێکخستنیان و پاراستنیان بە وشەی نهێنی ژمارەیی (نەک دەموچاو، پەنجەمۆر یان ناسنامەی نەخش) بۆ پاراستنی زانیارییە تایبەتەکانت. ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ کەسێک کە متمانەت پێیەتی ئەگەر پێویست بوو دەستی پێ بگات.
- بەستەری ئەم ماڵپەڕە locate.ice.org بدە بە خێزانەکەت و پەیوەندییە فریاگوزاریەکان (کەسانی نزیکت)، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست بتدۆزنەوە ئەگەر لەلایەن بەرپرسانی کۆچبەرانەوە دەستبەسەرکرایت و دڵنیابە ژمارەی 'A'بدەیت بە ئەوان ئەگەر پێشتر ژمارەت هەبوو.
- ئێستا لە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراووە دەربارەی بژاردە یاساییەکانت بزانە و زانیارییەکانی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ خۆتدا هەڵبگرە. ئەمانە سەرچاوەی متمانەپێکراون.https://cdss.ca.gov/inforesources/immigration/contractor-contact-information :
- لەگەڵ خێزانەکەت باسی پلانەکانت بکە تا بزانن چی بکەن. قسەکردن لەسەر پلانەکانت یارمەتی هەمووان دەدات کە بە ئارامی ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکەن.

Sworn Translator مترجم محلف
أرسلان صادق صابر
Arsalan Sadiq Sabir